# هەڵبەستێک بۆ لەدەستدانی سنور و رەوشتی باپیرانمان




هەڵبەستێک بۆ لەدەستدانی سنور و رەوشتی باپیرانمان

کوا ئەو رۆژەی،
کەڵە کەڵەی باپیرانمان،
کۆشک و تەلاری باخچە هەڵواسراوەکانی بابلیان داگیر دەکرد (1).

کوا ئەو رۆژەی،
لە تەنگەی هورمز گومرگیان دەستاندو،
سەنگەرو قەڵایان لەدورگەی رۆستەم دا دروست دەکردو،
کەنداویان بە کەنداوی کورد ناو دەبرد (2).

کوا ئەو رۆژەی،
کە بە رانکو چۆغەو سەرو بەستەوە،
زەماوەندیان لە کوچەو کۆڵانی خوراسان دا ساز دەکرد (3).

کوا ئەو ڕۆژەی باپیرانمان،
ئیمپراتۆر بوون و پەیکەرو مۆری میدیایان،
لەسەر بەردی مەڕمەڕ دروست دەکرد، (4).

کوا ئەو ڕۆژەی،
لە ئەکباتان و هەمەدانی پایتەخت،
میدەکان پەرچەمی ئیمپراتۆریان هەڵ دەکرد (5).

کوا ئەو ڕۆژەی،
سنوریان دەگەیاندە تەورێزو،
فەرمانڕەوایی ئاسوری و ئەرمەنیەکانیان دەکرد (6).

کوا ئەو ڕۆژەی باپیرانمان،
لە کەنارەی دەریای قەزوێن دا ڕەشماڵیان هەڵدەداو،
شەڕی تورکە پەراگندەکانیان دەکرد (7).

کوا ئەو ڕۆژەی باپیرانمان،
لە لێوارەی دەریای ڕەشدا،
خەنجەر بازیان لەگەڵ لەشکری ڕۆمیان دا دەکرد (8).

کوا ئەو ڕۆژەی باپیرانمان،
لەکەنارەی دەریای ناوەراست دا،
پێشوازیان لە ئەسکەندەری مەقدۆنی دەکردو،
کە بێ پەیمانیش بوو،
گەزنەفۆن و لەشکرەکەیان وەک مریشک ئاوەروت دەکرد (9).

کوا ئەو ڕۆژەی باپیرانمان،
لە دەریای ڕەشەوە بۆ دەریای ناوەراست،
سینگیان لەپێش بێزەنتیەکان دەچەقاندو
ڕێرەوی داگیرکەریان لێ گووم دەکرد (10).

کوا ئەو ڕۆژەی باپیرانمان،
لە حەڵەب میر بوون و،
شاری تکریتیان دروست دەکرد (11).

کوا ئەو رۆژەی باپیرانمان،
بەنەمامی هەنارو سێو و قەیسی،
شارەبان و باغی دادیان دروست دەکرد (12).

کوا ئەو رۆژەی،
دەیانی وەک ئەسکەندەرو جەنگیز خان و تاتاری مەغۆل،
گفتوگۆیان لەگەڵ باپیرانمان دەکرد (13).

کوا ئەو رۆژەی،
کە باپیرانمانیان،
بەخانەدان و خاوەن پەیمان و دەرگەو ماڵ ناو دەبرد (14).

کوا ئەو رۆژەی باپیرانمان،
وەک برا بچوک،
دەیانڕوانیە فارس و عەرەب و تورک و،
شانازیان باو سێ زمانەوە نەدەکرد (15).

کوا ئەو رۆژەی،
بۆخۆیان فەرمانڕەوایەکی بە ویژدان بوون و،
شارستانیەت و دیموکراتیەتیان فێری گەلانی تر دەکرد(16).

کوا ئەو کوردەی،
باغی ئاولێبڕاوی باپیرانمان ئاوداتەوە،
کوردستان لە پیسی هەزاران ساڵی داگیرکەران پاکاتەوە،
ویژدان بکاتە بەرنامەو کورد لەگەڵ یەکتر ئاشتکاتەوە،
دەست لە داگیرکەران هەڵگرێ و،
پەرچەمی سەربەخۆیی بەرزکاتەوە (17).

1 – کتێبی تەورات (بایبڵ) دەڵێ نەتەوەیەک لە جیاکانی زاگرۆزەوە هاتون و شاری بابلیان داگیر کردوەو سێ سەد ساڵ فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەیان کردووە.

2 – هورمز سەرکردەیەکی کورد بووەو لە سەردەمی ساسانیەکان دا بنکەی خۆی لە تەنگەی هورمز داناوە، هەر ئەو ناوچەیە تاکو ئێستا بە ناوی ئەوەوەیە، لە هاتنی لەشکری عەرەب روەو کوردستان لە سەردەمی ئیسلام دا لە شەڕێکدا لە شارەزور شەهید بووە، ئەو رۆستەمی زاڵەی کە فارسەکان دەڵێن خەڵکی مازندەرانە، ئەو ئەفسانەیەو رۆستەمی زاڵ خەڵکی

وولاتی سوێسنە بووە کە لە نزیک ئەو دورگەی رۆستەمە بووە کە لە کەنداو دایە، ئەگەر بە وردی بڕوانی، ناوی هورمز و رۆستەم و زاڵ لەناو فارس دا نابینەوە، بەڵام ئەو ناوانە لە کوردی دا زۆرن، ( وەک تێبینیەک: سوێسنە وڵاتی خێڵی سوێسنیەکان بووە کە خێڵی منن، دوای لەناوبردنی ئیمپراتۆری میدەکان، ئەردەشیری ساسانی پەلاماری دەوڵەتی سوێسنیەکانی داوەو تەرتوتونای کردون، ئەوەی بۆی گیرابێ هێناونی بۆ ناوچەی سەردەشت و پشدەر و کۆیەو دوکان و قەرەداغ و شاربازێر، لە کۆیە گەرەکێک هەیە بەناوی سوێسنەو مەلای گەورەی کۆیەش سوێسنیە، لە قەرەداغ دێیەک هەیە بە ناوی سوێسنە، سوێسنیەکان لە شاربازێر دێیەکیان هەیە بەناوی بێوران، لە ناوچەی سەردەشتیش سوێسنیەکان دوو دێیان هەیە بەناوی بێوران، جافە رەشکەکانی ناوچەی دوکانیش سوێسنین و تاکو ئێستاش خۆیان بە خزمی سوێسنیەکان دەزانن.

3 – خوراسان شارێکی کوردی داگیر کراوە لە لایەن فارس و تورکەکانەو، تاکو ئێستاش کوردێکی زۆری تێدا ماوە بەڵام فارسی زاڵ بووە بەسەر زمانەکەیاندا.

4 – من بۆخۆم مۆری میدەکانم دیوە کە لە بەردی مەڕمەر دروست کراوەو ئێستاش لە لای عەزیزی مەرزا رەشیدە لە هەولێر.

5– هەمەدان و ئەکباتان پێشتر یەک فارس و تورکی تێدا نەبووەو لە دوای لەناوچوونی ئیمپڕاتۆری مەدەکان، تورک و فارس ئەو ناوچەیەیان لێ داگیر کردوین.

6 – نەخشەیەکم لە کتێبخانە ئەرمەنیەکان دەست کەوتوە کە پێش هاتنەخواری تورکەکان شاری تەورێز پایتەختی یەکێک لە دەوڵەتە کوردیەکان بووەو ئەرمەنیەکانیش لەناو ئەو دەوڵەتەدا خاوەن فیدرالی خۆیان بوون.

7 – لە هاتنەخوارەوەی میدو فارس دا، فارسەکان رۆیشتون بۆ رۆژهەڵاتی ئێرانی ئەمڕۆ و لە ئەسفهان نیشتەجێ بوون، میدەکانیش لە رۆژ ئاوای ئێرانی ئەمڕۆ هەر لە دەریای قەزوێنەوە بۆ تەنگەی هورمز نیشتەجێ بوون.

8 – لە کوردستان لە ناوچەی پشدەرو سەردەشت بەیتێک هەیە پێی دەگوترێ بەیتی ناسرو ماڵماڵ، ئەو بەیتە بۆ دوو قارەمانی ناوچەکە گوتراوە کە لە یەکێک لەو شەڕانەی کە لەگەڵ رۆمەکاندا کراوە گوتراوەو تاکو ئێستاش هەر ماوە.

9 – گەزنەفۆن سەرلەشکرێکی سوپای ئەسکەندەری مەقدۆنی بوو، باسی داستانی گەرانەوەی خۆی کردوە کە بە کوردستان دا گەراوەتەوە و کوردەکان پێشیان پێ گرتوە، نوسینی ئەو سەرلەشکرە بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکان دەبینرێ لە ناو کتێبە بێگانەکان.

10 – دوای گەرانەوەی مردنی ئەسکەندەری مەقدۆنی و گەڕانەوەی لەشکرەکەی، بەشێک لە لەشکرەکەی خۆیان دروست کردەوەو لەشکرێکی تریان پێک هێنا بە ناوی لەشکری بێزەنتی و هەوڵیان دەدا شوێنەکانی پێشو داگیر بکەنەوە، شەڕێکی درێژ خایەنیان لەگەڵ کوردەکاندا هەبوو و ماوەی سەد ساڵ بەشێکی زۆری سەرووی کوردستانیان لە ژێر دەست دابوو.

11 – شێرکۆی مامی سەلاحەدینی ئەیوبی کە بەشێک بوون لە خێڵی زراری و وەک خێڵێکی رەوەند گەرمێن و کوێستانیان کردوە، کاتی خۆی ناوچەی تکریت ئاوەدان دەکەنەوەو لەدوییدا میرایەتی حەڵەب و شام بەدەست دەهێنن و تکریت دەکەنە شارۆچکە.

12 – لە عەرەبیدا وشەی بەغداد هیچ مانایەکی نیە، لەسەردەمی مید و ساسانیەکاندا کە کوردەکان فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە بوون، باغێکی خۆشیان لەو ناوە دەرست کردبوو بۆ یەکەم جار هەندێ داری سێو و هەنارو قەیسیان لەو باغەدا پێگەیاندو یەکێک کە دادوەری ناوچەکە دادوەری خۆی لەناو ئەو باغەدا دەکرد، هەر لەوێوە ناوی نرا باغی داد، کاتێک لەشکری ئیسلام بەرەو سەرو هات و دەستیان بەسەر ئەو باغەدا گرت، کردیان بە بنکەی سەرەکی خۆیان و عەرەبێکی زۆریان لێ نیشتەجێ کردو ووشەی (ی) یان لە ناوەکە کردەوەو لە باغی داد ەوە کردیان بە بەغداد.

13 – زوڵم و زۆری عەرەب و تورک و فارس کارێکی وای کردوە لە هەزاران ساڵ پێش ئێستاوە تاکو ئەمڕۆ پێشوازی لە لەشکری خەڵکانی دوور لەو سێ دەسەڵاتە بکەن، هەر ئەوەش بووە کە لە سەرەتادا پێشوازی لە لەشکری ئەسکەندەرو مەغۆل کراوە، وەک ئەمڕۆ کە پێشوازی لە لەشکری ئەمەریکا دەکرێ.

14 – عەرەب و تورک و فارس تاکو ئێستاش باسی کلتوری کوردەکان دەکەن لە خانەدانی و راستگۆیی و میوانداری.

15 – لە کاتێکدا کە کورد خۆی ئیمپڕاتۆریەتی خۆی هەبووە، هیچ هێزێک نەبووە ناچاری بکات کە بە عەرەبی و فارسی و تورکی قسە بکات.

16 – بەڵگە نامەکان وا نیشان دەدەن کە میدەکان دەوڵەتێکی دیموکراتیان هەبووەو حوکمڕانیەکەیان لەسەر شێوەی فیدرال بووە.

17 – هەوڵ دەدەم ئەو کوردە بۆخۆم بم.



سەردار پشدەری
لەندەن 24 – 3 - 2008

# Independent Kurdistan will benefit everyone

http://www.newsgateway.ca/2005_02.htm
http://www.newsgateway.ca/pishdare_Independent_Kurdistan.htm

---

## NewsGateway

---

**Your GATEWAY to news stories overlooked by mainstream American media www.newsgateway.ca**

**:: Home :: Kurdish Oil and Homeland Movement ::**

## Independent Kurdistan
## Will benefit everyone

**February 22, 2005**
**SARDAR PISHDARE**

For over a thousand years, we, the Kurds have been ruled, and mostly oppressed by Arabs, Persians and Turks, in particular where the Islamic faith is used as an ideological tool.

The end of the First World War and collapse of the Ottoman Empire brought hope and many expectations to the Kurds. We sought the dawn of a new era, bringing modernisation and independence to us and our neighbouring peoples. It however only resulted in the Great Powers of the day partitioning Kurdistan.

These powers then began to negotiate and purchase Kurdish oil from the new Arab, Turkish and Persian states which they had created, almost from nothing, causing huge injustice to the Kurds and culminating in the instability and conflicts of today.

The revenues from this oil were later used by the artificial new states to remove the West from the Middle East, and to fuel further conflicts.

For over 80 years we the Kurds have protested to major powers that most of these regimes are terror states, which deny democracy to their people, use religion as a tool, plunder everything in their path and wilfully kill any persons who thwart their objective. Our Kurdish culture and roots are close to Europe. History proves that we, like the Greeks, Phoenicians, Romans, Franks, Saxons and Britons are of Indo-European source.

I can truthfully state that we Kurds prefer economic cooperation with modern Europe, to fuse our resources, manpower, intelligence and wealth, so creating a stronger role for Europe in the Middle East.

Kurdistan's geologically proven wealth not only features oil and gas, but many other minerals and water resources. Kurdistan's large and varied population has long traditions of technical, intellectual and artistic skill.

The political geography of the Middle East today is unstable. It requires urgent changes, including a Road Map for a new and stable, prosperous and progressive Middle East. Greater Kurdistan must exist, or there will never be stability.

These changes must enable the Greater Kurdistan to exist, with the creation from Syria of a 400-kms Free Zone stretching from the Mediterranean Sea to the borders of current Iraq. The New Iraq must be divided from the intersection of the Euphrates River at Baghdad; Iran must give up Kurdish territory from the Straits of Hormuz to the Caspian Sea.

Oil geologists know the extent of oil reserves in this region, and their potential to solve the increasingly short supply of oil in the world. Kurdish Oil and Western partnership will provide that supply security, within secure, just and stable frontiers.

It is now, more than ever, the time for US, British and world opinion to pay serious attention to the Kurdish people. The current situation is

not tenable. An independent Kurdistan homeland must be established without delay. This is the essential cause of all action by me, Sardar Pishdare, for the past 15 years and it will continue until our goal is achieved.

**© Copyright Sardar Pishdare 2005**

The URL of this article is:
http://newsgateway.ca/pishdare_Independent_Kurdistan.htm

http://home.cogeco.ca/~kurdistan6/24-2-05-opinion pishdare-independent benefit-everyone.html